
رووداو
# ئەدەب و کولتوور
ژمارە (8) دووشەممە 2017/2/20
email: bijar.hekim@rudaw.net
www.rudaw.net

ژمارەی داهاتوو:
» بژاردەی مەحوی لە نێوان مەلا و تەرسادا
» چیرۆکی ئێدگار کێرێت

جیهان لە چاوەڕوانیی خەڵاتەکانی ئۆسکاردا

# 9 فیلم پێشبڕکێی بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین فیلم دەکەن



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆژی 26ی ئەم مانگە براوەی خەڵاتەکانی ئۆسکاری 2017 لە مەراسیمێکی گەورە و ناوازەدا رادەگەیێندرێن. ئەو مەراسیمە هەشتا و نۆهەمین مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکارە. نۆ فیلم کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین فیلم دەکەن. ژمارەیەک فیلمی دیکەش بۆ خەڵاتی فیلمی بیانی کاندیدکراون، لەوانە فیلمی (فرۆشندە) لە ئێران کە لە دەرهێنانی ئەسغەر فەرهادی و نواندنی هەردوو ئەکتەری ناوداری ئێران تەرانە عەلیدوستی و شەهاب حوسێنییە، بەڵام بەهۆی بڕیاری سەرۆکی ئەمریکا بە پێنەدانی ڤیزا بە هاووڵاتیانی حەوت وڵات، کە ئێران یەکێکیانە، ئەو دوو هونەرمەندە بەشداری لە مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکاردا ناکەن.



## نۆ فیلمە کاندیدکراوەکە بۆ خەڵاتی ئۆسکاری 2017

### ■ فیلمی هاکساو ریدج (Hacksaw Ridge)

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی ئەکتەری نێوداری هۆڵیوود میل گیبسنە. هەردوو ئەکتەران سەم ڤۆرتینگتۆن و ئەندرۆ گارفیلد ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینن. چیرۆکی فیلمەکە باسی کوڕێکی 17 ساڵان دەکات کە لە جەنگی جیهانیی یەکەم ناوی وەک سەرباز دێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو باوەڕی وایە جەنگ و وێرانکاری کارێکی ئێجگار خراپە و خۆی دژی جەنگە. لە بەرەکانی جەنگ، بێئەوەی تەقە بکات، ژیانی سەربازانی دیکە ڕزگار دەکات. تێچووی فیلمەکە 40 ملیۆن دۆلارە. ڕەخنەگران پێیانوایە کە میل گیبسن توانیویەتی وەک دەرهێنەریش لێهاتوویی خۆی نیشان بدات. میل گیبسن کاندیدە بۆ بردنەوەی خەڵاتی باشترین دەرهێنەری ئۆسکاری 2017.

### ■ فیلمی شێر (Lion)

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی گێرت دیڤیسە. هەردوو ئەکتەران دو پتۆڵ و نیکۆڵ کیدمان ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمەکەدا دەگێڕن. چیرۆکی فیلمەکە باسی کوڕێکی گەنجی هیندی دەکات کە لە منداڵیدا لە لایەن بنەماڵەیەکی ئوستراڵییەوە هەڵگیراوەتەوە. کوڕە گەنجەکە هەوڵدەدات بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و نەخشەی سەرهێڵی گوگڵەوە خانووی سەردەمی منداڵی و خێزانەکەی بدۆزێتەوە. تێچووی فیلمەکە 12 ملیۆن دۆلارە. جگە لە خەڵاتی باشترین فیلم، ئەو فیلمە بۆ پێنج خەڵاتی دیکەی ئۆسکار کاندیدکراوە.

### ■ فیلمی لا لا لاند (La La Land)

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی دەرهێنەری گەنج دیمین چازێلە و رایان گاسلینگ و ئێما ستۆن، ڕۆڵی سەرەکیی لە فیلمەکەدا دەبینن. چیرۆکی فیلمەکە باسی ژیانی کچێکی گەنج دەکات کە حەزدەکات ببێتە ئەکتەر. دواتر کوڕێکی گەنجی پیانۆژەنی جاز دەناسێت کە ژیانێکی دژواری هەیە، عاشقی یەک دەبن. ئەم فیلمە یەکێکە لەو فیلمانەی کە لەمساڵدا زۆرترین خەڵاتی بەدەستهێناوە، گرنگترینیان: بەدەستهێنانی حەوت خەڵاتی گۆڵدن گڵۆب، ئەمەش ریکۆردێکی نوێ بوو. جگە لە خەڵاتی باشترین فیلمی ساڵ، لا لا لاند کاندیدە بۆ 13 خەڵاتی دیکەی ئۆسکاری 2017 کە پێشتر فیلمی تایتانک ئەو ریکۆردەی تۆمارکردبوو. بڕی تێچووی فیلمەکە 30 ملیۆن دۆلارە. فیلمەکە تاوەکو ئێستا 294 ملیۆن دۆلار داهاتی کۆکردووەتەوە.

### ■ فیلمی پەرژینەکان (Fences)

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی دێنزڵ واشینگتۆنە. هەر خۆیشی بە هاوبەشی لەگەڵ ڤیۆلا داڤیس ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمەکەدا دەبینن. چیرۆکی فیلمەکە باسی پەیوەندیی باوکێکی ڕەشپێست و کوڕەکەی دەکات. باوکەکە پێشتر یاریزانێکی نێودار بووە و ڕەفتارەکانی لەمەڕ ژیان و چینایەتی و بیرکردنی ژیانی رابردووی وەک یاریزانێکی بەیسبۆڵ و پەیوەندییەکەی لەگەڵ کوڕەکەی تێکدەدات، کە یاریزانێکی بەتوانای تۆپی پێیە. جگە لە خەڵاتی باشترین فیلم، ئەم فیلمە کاندیدکراوە بۆ سێ خەڵاتی دیکەی ئۆسکاری 2017.

### ■ فیلمی ژمارە شاراوەکان (Hidden Figures)

ئەو فیلمە لە دەرهێنانی تیۆدۆر مەلفییە. ئەکتەران تاراجی پی هنسن، جانلە مونائە و ئۆکتاڤیا ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن. ژانری فیلمەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان مێژووییە. چیرۆکی فیلمەکە دەربارەی بەشداریی سێ ژنی ڕەشپێستی ئەفریکایی- ئەمەریکاییە کە لە بیرکاری و بابەتە تەکنەلۆژییەکاندا زۆر بەتوانان، لە یەکەمین ئەرکی فەزایی سەرکەوتووی ئاژانسی ناسادا. جگە لە خەڵاتی باشترین فیلم، فیلمی ژمارە شاراوەکان کاندیدە بۆ دوو خەڵاتی دیکە.

### ■ فیلمی تریفەی مانگ (Moonlight)

ئەو فیلمە لە دەرهێنانی بری جنکینزە و ئەکتەران نائومی هریس و ماهرشاڵا عەلی، ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن. بابەتی سەرەکیی فیلمەکە هاوڕەگەزخوازییە. چیرۆکی فیلمەکە دەربارەی ژیانی هاوڕێگەزخوازێک و پیاوێکی ڕەشپێستە کە لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی مەیامی دەژین. ڕەخنەگران پێیانوایە بابەتی هاوڕەگەزخوازی لە فیلمەکەدا وا دەکات فیلمەکە گرنگ و پێویست بێت، چونکە ئەم جۆرە فیلمانە بە دەگمەن دەچنە سەر شاشەی گەورە.

### ■ فیلمی گەیشتن (Arrival)

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی دێنی ڤیلنۆڤە. جێرمی ڕێنەر و ئەیمی ئادامز ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینن. ژانری فیلمەکە خەیاڵی-زانستییە. چیرۆکی فیلمەکە باس لە ژیانی مامۆستایەکی زمانناس دەکات کە لە لایەن بەرپرسانی ئەمەریکاوە داوای لێ دەکرێت بە هاوبەشی لەگەڵ فیزیازانێک قسە و گفتوگۆ لەگەڵ ئەو 12 بوونەوەرە ئاسمانییە بکەن کە هاتوونەتە سەرزەوی. جگە لە خەڵاتی باشترین فیلم، فیلمی گەیشتن بۆ حەوت خەڵاتی دیکەی ئۆسکاری 2017 کاندیدکراوە.

### ■ فیلمی هەرچی دەبێ با ببێ (Hell or High Water)

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی دەیڤید مەکێنزییە. بن فاسترۆ کریس پاین و دیف بریجیز ڕۆڵی سەرەکی لەو فیلمەدا دەگێڕن. چیرۆکی فیلمەکە دەربارەی ئازایەتی و برایەتییە. دوو برا بۆ پاراستنی کێڵگەی خێزانەکەیان لە تەکساس چەند بانکێک دەبڕن. تێچووی فیلمەکە 12 ملیۆن دۆلارە.

### ■ فیلمی مانچستەر لە کەنار دەریا (Manchester by the Sea)

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی کێنت لونرگان و ڕۆڵبینینی کیسی ئەفلەک و میشێل ولیامزە. چیرۆکی فیلمەکە باس لە ژیانی لی چەندلەر دەکات، دوای ئەوەی براگەورەکەی دەمرێت، ناچار دەبێت بگەڕێتەوە شارەکەی و برازا تەمەن 15 ساڵانەکەی بەخێو بکات. جگە لە خەڵاتی باشترین فیلم، ئەم فیلمە بۆ پێنج خەڵاتی دیکە کاندیدکراوە.

## THE OSCAR

### مێژووی خەڵاتی ئۆسکار

بیرۆکەی خەڵاتەکە پێشتر لەلایەن لویس بی مایەر، بەڕێوەبەری ئێم جی ئێم فیلم ستۆدیۆوە، داڕێژرابوو. دواتر لە ئایاری 1927دا ڕێکخراوی زە ئەکادیمی بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی پیشەسازیی فیلم دامەزرا. یەکەمین ڕێوەڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکان لە ساڵی 1929 لە هۆڵی یەکێک لە هۆتێلەکانی هۆڵیوود و بە ئامادەبوونی 250 کەس بەڕێوەچوو. بەپێچەوانەی ئێستا، ئەوکات براوەکان پێش مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتەکان رادەگەیێنران. یەکەمین فیلم کە خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت، فیلمی بێدەنگی (باڵەکان)ی دەرهێنەر ولیام وێڵمان بوو. تاوەکو ئێستاش، باڵەکان بەهێزترین فیلمە کە خەڵاتی باشترین فیلمی ئۆسکاری وەرگرتبێ. تێچووی ئەو فیلمە دوو ملیۆن دۆلار بوو و گرانترین فیلمی سەردەمی خۆی بووە. چیرۆکی فیلمەکە باسی دوو فڕۆکەوانی جەنگی جیهانیی یەکەم دەکات، کە هەردووکیان دەکەونە داوی ئەوینی ژنێکەوە. هەروەها فیلمی (خۆرهەڵاتن)ی دەرهێنەر ئێف دەبلیوو. مورناو- خەڵاتی باشترین فیلمی بە هاوبەشی لەگەڵ فیلمە بێدەنگەکەی ولیام وێڵمان بەدەستهێنا. ئەکتەری ئەڵمانی ئیمیل جانینگس خەڵاتی باشترین کوڕە ئەکتەری بەدەستهێنا. هەروەها جانێت گەینۆر کە ئەوکات تەمەنی 22 ساڵ بوو، تاکە کچ بوو کە خەڵاتکرا.

هەروەها خەڵاتی شانازیی تایبەت بە چارلی چاپلن بەخشرا، کە پێشتر بۆ خەڵاتەکانی باشترین ئەکتەر، باشترین نووسەر، باشترین دەرهێنەری کۆمیدی کاندید کرابوو، بەڵام دواتر ناوی لە لیستەکە دەرهێنرا و ئەو خەڵاتە تایبەتەیان پێیدا. ئەو بڕیارگۆڕینە وەها لێکدانەوەی بۆ کرا کە گوایە ئەو یەکێک نەبووە لەو کەسانەی لە هۆڵیوود خۆشەویست بووبێت. خەڵاتەکە لە ساڵی 1939 بە فەرمی ناوی ئۆسکاری لێ نرا. دەنگۆیەکی بەنێوبانگ، بەڵام پشتڕاستنەکراو هەیە کە سەرچاوەی ئەو ناوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە گوایە بەڕێوەبەری زە ئەکادیمی مارگەرێت هێریک ڕایگەیاندووە کە پەیکەرۆکی خەڵاتەکە شێوەی لە (خاڵە ئۆسکار)ی چووە.

# ئێمە بۆ دەنووسین؟



■ ئارام شێخ وەسانی

تایبەتمەندییەکانی ئەم سەدەیە روونن، مرۆڤ رووتکراوەتەوە و خراوەتە بەردەم واقیعێک کە تەنیا بەوە سەبووری دێت راستەوخۆ بەر شتەکان بکەوێت. دەکرێ بڵێین، پێشکەوتنی زانستی هۆکاری سەرەکیی ئەم دۆخەی مرۆڤە، فەلسەفە فۆرمە کۆنەکەی خۆی بەجێهێشتووە، ئەدەب گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، وێڕای هەموو ئەمانەش هێشتا دڕدۆنگ و شڵەژاوین بەرانبەر بە ئەرکی نووسین. ئایدۆلۆژیا سێبەرەکەی گۆڕاوە، مرۆڤی خستووەتە ناو پنتێکی جیاواز، ناچارییەک دەبینرێت، دەبێ بۆ ئەوانە بنووسین کە لە دەورمانن، لەگەڵمانن، بە زمانێکی روون. نووسین رۆژ بە رۆژ لە ئاستی قسە نزیک دەبێتەوە، ئەوەش زەبری ئەم سەدەیەیە، قسەمان لەسەر خەڵکی ئاسایی نییە، باس لە نوخبەیەکی دیاریکراو دەکەین، لەناو ئەو نوخبەیەشدا باس لە نووسەران دەکەین. کاتێک نووسین و کاردانەوەکانی چۆمسکی و ژیژک لەبارەی ئەم سەدەیەوە دەخوێنینەوە و دەبینین، تێدەگەین لەبەردەم ئەزموونێکی جیاوازداین. سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم، مرۆڤ جیاواز لە ئێستا بیری دەکردەوە. ئەوکات نووسەران زیاتر خۆیان دەکوشت، رەشتر لەمرۆڤ و ژیانیان دەڕوانی، لە رووباری خوێن، رووباری پووچیی ژیانیان دەدۆزییەوە و خۆیان دەخستە ناوی. کاریگەرییەکانی هەندێ جۆر نووسین هاوشان و بناغەی گۆڕانکاری و شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون، کەچی هێشتا نووسەران بەرانبەر هێزی ئەدەب و نووسین بەگشتی بێهیوا بوون. ئێستا هەمان رووباری خوێن هەیە، بەڵام نووسەر و نووسین لە شوێنێکی دیکەن. ئەگەر وەک تاک، هەر یەکەمان دوای ئارەزووەکانی بکەوێت، شتێکی ئاساییە، خەڵکانێک خولیا و بەهرەی نووسین لە خۆیاندا بدۆزنەوە و دواتر پەرەی پێبدەن و ببنە نووسەر... چۆن کەسێک حەزی لە پیشەیەکە، ئاواش نووسەربوون لە دیوێکەوە، هەوڵە بۆ فێربوون و قاڵبوون. بێگومان وەک هەر کارێکی دیکە، ئەزموون گرنگە، مرۆڤ لەڕێگەی ئەزموونی خۆیەوە، دەکارێت، شریتی رابردووی خۆی لێبداتەوە و داهاتووی خۆی پێ بەهێزتر بکات. رەنگە لە دنیادا، نووسەربوون لە هەموو پیشەیەک جیاوازتر بێت، بە دیوێکدا نووسەر ناوێرێت هەندێ پرسیار لە خۆی بکات، بە دیوێکیشدا پرسیار لەدەیان شت دەکات و سێبەری گومانیان دەخاتە سەر، نووسەربوون بە مانایەک، واتا لەدژی خۆوەستانەوە، شەڕ بەخۆ فرۆشتن، خۆکوشتنی شاراوە. ئەرێ ئەوە تۆ لە پێناوی چی و بۆچی هەموو ژیانی خۆت تەرخان کردووە بۆ نووسین و خوێندنەوە. هەڵبەت ناڵێین وەڵام بۆ ئەو پرسیارانە قاتییە، نا، بەڵام ئاسان نییە و جێی باوەڕ نییە، نووسەران خۆیان بەو وەڵامانەی خۆیان دڵئارام و جێگیر بن. سندووقی ئەزموون و ژیانی نووسەران شتی جیاوازمان پێدەڵێن، بەڵام لە رووبەکی شاراوەدا هەموویان لەیەک دەچن، ئەرێ ئەوان چییان لە نووسین دەستکەوتووە. نووسەران لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی دیکە، بیرکردنەوەیان دەگۆڕێت، ئەوەیش بۆ هەموویان راستە، سەرنجی من ئەوەیە زۆرینەیان، لە کۆتایی تەمەنیاندا، هەیە بە پەنهانی و هەشە بە ئاشکرا بە گژ بیرکردنەوەکانی خۆیدا دەچێتەوە. ئاخ بۆ بەسەربردنی چرکەکانی دەخوات. دیوێکی خۆکوشتنی نووسەران کە زۆر بەکەمی بەهەند وەرگیراوە، پێوەندی بەو پرسیارانەوە هەیە، یان پێوەندی بەو وەڵامانەوە هەیە کە چیتر نووسەر خۆی پێناخەڵەتێ. ئیستاتیکا و چێژی بەرکەوتن بەوانی دیکە بۆ قۆناغێکی نووسەر گرنگن، ناوبانگ و خەڵات و داهاتیش هەر بۆ قۆناغێک گرنگن، وێڕای ئەوانەیش، هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەکی گەردوونی، وەک مرۆڤ، تاچەند و بە چ شێوازێک بەشدار دەبێت لە ئاوەدانکردنەوە و برەودان بە ژیان، گرنگە، وەک چۆن لەسەر ئاستی زانستی، خەڵکانێک رۆژ و شەو کار دەکەن لە پێناوی خزمەتگوزارییەکی مرۆیی، بەهەمان شێوە، لە نووسینیشدا ئەوە هەیە و خاڵێکی گرنگیشە بۆ زۆرێک لەو نووسەرانەی هێشتا قسەیەکیان ماوە لە پێناوی نووسین. بەڵام لەم سەردەمەدا ئەوەیش سێبەری گومانی لەسەرە، خۆبوون و خۆپەرستی توخمێکی نەمرن لەناو مرۆڤدا، بزر دەبن، وەلێ لەناو ناچن. زۆرینەی نووسەران وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە کە لە پێناوی چیدا دەنووسن، وەک لۆرانس دەیگوت، لەڕێی نووسینەوە پێوەندییە پچڕاوەکانی خۆم بەجیهانەوە دەبەستمەوە. بۆ خۆدۆزینەوە و تێگەیشتن لەخود و دەوروبەر، هەڵبەت بۆ قۆناغێک باشە، بەڵام دواتر ئەوەیش هەر روون دەبێتەوە و حەقیقەتی پووچییەکەی دەردەکەوێت. ئەم قسەیە وەک نموونەیەک وەردەگرم، مرۆڤ کە بیر لە پووچیی ژیان دەکاتەوە، تێدەگات ئەم قسەیە چەند بێمانایە، تێدەگات کە تەرخانکردنی تەمەنێک بۆ وەهمێک کە گوایە، مرۆڤ پێویستە رایەڵەکانی خۆی بە جیهانەوە ببەستێتەوە، بێگومان ئێمە قسە لەسەر ئەو دیوە قووڵ و شیکاریە ناکەین کە فەلسەفە بۆ چوارچێوەی نووسین و شتەکانی دیکە دایڕشتووە، هەروەک چۆن سارتەر لە کتێبی (ئەدەب چییە؟) وەڵامی ئەو سێ پرسیارەی داوەتەوە، لەبارەی نووسینەوە. بێگومان سارتەریش لە گرنگیی ئەو پرسیارانەوە هاتووە کتێبێکی تەرخان کردووە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو سێ پرسیارە لەبارەی نووسین. بە روونی لێرەوە دەیڵێم، من ئەو وەڵامانەی سارتەر بە هەڵاتن دەزانم لە پرسیارەکان، نەک بە وەڵام... بۆ ئەم دۆخە ددانپێدانان گرنگە، چونکە جێگەی خۆکوشتنی پراکتیکییە. فلیپ رۆس، چیرۆکنووس و رۆماننووسی ئەمریکی کە خاوەنی ناوبانگ و داهات و خەڵاتیشە، ئێستا لە رۆژەکانی کۆتایی تەمەنیدایە، لە لێدوانێکیدا بۆ گاردیان گوتی: "ئەوەی کردم، کردم و تەواو بوو، ژیان شتی زیاتر و گرنگتری تێدایە لە نووسین، من لە ساڵی دووهەزار و نۆوە یەک وشەم نەنووسیوە، بە درەنگەوە بە هەندێ شت راگەیشتووم، لە جیاتی نووسین، مەلەوانی و یاریی بەیسبۆڵ دەکەم، سەیری فیلم دەکەم و گوێ لە میوزیک دەگرم، دەخۆم و دەگەڕێم و هاوڕێکانم دەبینم، تێکەڵی سروشت دەبم...".

دێمەوە سەر بابەتەکە، ئەرێ رێچکەی نووسەربوون کۆتاییەکەی داخراوە؟ ئەو شۆک و پەشیمانی و پووچییە چییە کە دووچاری نووسەران دەبێت؟ ئەم قسانەی رۆس، جۆرێک نین لە خۆکوشتن، خۆکوشتنی مۆدێرن؟ دواجار دیوێکی روون لەو بابەتەدا دیارە، مرۆڤ ناتوانێت هەموو تەمەنی لەگەڵ خەیاڵ و وەهم و خەوندا بێت، درەنگ یان زوو، مرۆڤ دەگەڕێتەوە سەر توخمە رەسەنەکەی خۆی، ئەو توخمەی کە راستەوخۆ بەر شتەکان دەکەوێت و مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. لە راستیدا خودی ئەو نووسینە، هەوڵە بۆ راکردن لە پرسیاری ئەوەی ئێمە بۆ دەنووسین؟





# فەنتازیا و چیرۆکەکانمان






■ سەلاح حەسەن پاڵەوان

ناواقیعی له گێڕانەوەی رووداودا، چیرۆک بەرەو فەنتازیا دەبا و هەوڵ دەدا بەرگێکی پڕ سەیروسەمەرەی بەبەردا بکات. رەنگە ئەمە شێوازێک بێ بۆ بەرەو مۆدێرنیزەبوونی چیرۆک و بەخشینی وێنەی پشتی راستییەکان، ئەو راستیانەی ئێمە بە عەقڵ و چاوی ئاسایی هەستی پێ دەکەین و دەیبینین و بە بنمیچی روانینمانەوە دێ و دەچێ، یان دەسرازەیەکە و رۆحی منداڵیمان توند توند شەکەت دەدا. بەڵام لە راستیدا ناواقیعی و فەنتازیا لە چیرۆکدا ئەو وێنە مۆدێرن و نوێیە نین کە ئەمڕۆ لەسەر ئاستێکی جیهانی تەپڵی بۆ لێ دەدرێ و زۆر کەس ناوی هەمەچەشنەی لێدەنێ و لەنێو بەرهەمەکانیاندا رووبەرێکی گەورەی پێ داگیر دەکەن. هەر ئەم فەنتازیایەی کە ئێستە هەیە، کۆنترین شێوەی گێڕانەوە بووە، دێرینترین تێکستەکان پێڕەوی ئەم تەرزەیان کردووە. مرۆڤ سەرەتا بە ناواقیعی و سیحرئامێز و فەنتازیانە ئاگری چیرۆکەکانی خۆش کردووە، بەسەرهاتەکانی نێو چیرۆکەکانی هەزار و یەکشەوە و چیرۆکەکانی بەرئاگردان و حەکایەتە فۆلکلۆری و زۆربەی تێکستە پیرۆزەکانیش پڕن لە وێنەی فەنتازی. هەموو ئەو بەسەرهاتانە بەشێوەیەکی شیرین داڕێژراون تا بتوانن زەوق و شەوقی گوێگران رام بکەن. لە پشتەوەی ئەو گێڕانەوانەدا هێزێک هەبووە، مەبەستی بەرپاکردنی کودەتایەک بووە لەنێو بیری خوێنەر و دەرکردنی لەو واقیعە مەئلوفەی تێیدا ژیاوە. ئەگەر چیرۆکەکانی برایانی گریم شێوەیەک بێ لە ناواقیعی و رووداوی سەیروسەمەرەی دەرەوەی توانای عەقڵی مرۆڤ، ئەوە چیرۆکەکانی نێو رۆمانەکانی میگێل ئەنخێل ئەستۆریاس و گابریال گارسیا مارکیز و ئیمبرتۆ ئیکۆ- جۆرێک لە واقیع بە شێوەیەکی نامەئلوف پێشان دەدەن. بۆیە دوورکەوتنەوە لە مەئلوف تەنیا مۆرکی ئەفسانە و حیکایەتەکان نەبووە، چیرۆکی هونەری و مۆدێرنیش هانایان بۆ ئەم شێوە خەیاڵانە بردووە تا خوێنەر لە وەهم نزیک بکەنەوە. لەنێو تەوژمی گێڕانەوەی دێرین و فۆلکلۆری کوردیشدا ئەم رەگە هەر هەبووە. لەلای کورد ئەم چەشنە تەنزە ئامادەیی هەبووە و بەپێی گەشەکردنی مێژوو و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان ئەویش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بڕێکی زۆر لەو چیرۆکانەی لە نێو بونیادی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێمەدا دروستبوون، تا بۆیان کرابێ لە واقیع دوورکەوتوونەتەوە، ئەم دوورکەوتنەوەیە پێش پەیدابوونی ئاینەکان و پاش پەیدابوونی ئەوانیش هەر هەبووە، بەڵام گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، زۆر لەو پێوەندییە خەیاڵیانەی کە لەناخی بیرکردنەوەی نەتەوەییماندا رەگیان داکوتاوە، بەرهەمی ئەو روانینە نامەئلوفانەی مێژووی گێڕانەوەمانە. لای یۆنانییە کۆنەکان و تا سڕینەوەی شارستانیەکەشیان و هاتنی بڕێک لە ئاینە ئاسمانییەکانیش ئەم شێوە تەنزە ئامادەگی هەبووە. سووڕانەوە بەدەوری خوا و ئاین مۆرکی سەرەکیی چیرۆک و ئەفسانەکان نەبوو تا ئەوکاتەی عەقڵی خەیاڵ باڵادەست بوو. هونەری گێڕانەوە و بەفەنتازیاکردنی گێڕانەوە و بەسەرهاتەکان تا پێش پەیدابوونی ئاینی ئیسلام بەشێوەیەکی فراوان لە ناوچەکەی ئێمەدا پیادەکراوە، لەگەڵ هاتنی ئەم ئاینەدا سنوورەکانی بیرکردنەوەش تەسک کران و زۆر بابەت وەک بقە و یاساخ خرانە نێو خانەی سڕینەوە. سەرباری ئەوەش بڕێکی زۆر لەوانەی قسەیان لەسەر سەرەتاکانی دامەزراندنی چیرۆکی کوردی کردووە، راستەوخۆ ئەم لایەنەیان فەرامۆش کردووە، کەم تا زۆر بەلای ئەو مێژووەدا ناچن تا بزانن عەقڵی ئەفسانەیی و چیرۆکئامێزی ئێمە تا چەند لەژێر کاریگەرییەکاندا کاری کردووە و پێڕەوی فەنتازیای کردووە، بەتایبەت پێش پەیدابوونی ئاین... بەفەنتازیابوونی گێڕانەوە لەنێو پرۆسێسی چیرۆکی کوردیدا رەگی هەیە و بەئاشکرا لە نێو کۆبوونەوە و گێڕانەوە سەرزارەکییەکاندا پێڕەو کراوە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەم بەفەنتازیابوونە لەگەڵ سەرهەڵدانی چیرۆکی مۆدێرنی کوردی ئاسەوارێکی ئەوتۆی نەما. ئەوەی ئێستا لە هەندێ هەوڵی چیرۆکنووسە نوێ و لاوەکاندا دەبینرێ، گەڕانەوە نییە بۆ ئەو سەرەتایە، هێندەی گەڕانەوەیە بۆ ئەو تەنزە باوەی لە هونەری گێڕانەوەی مۆدێرنی جیهانیدا دەبینرێ. لە کارە نوێیەکاندا گەڕانەوەکە بریتی نییە لە گەڕانەوە بۆ رەگی ئەفسانە و حیکایەتەکانی مێژووی نووسین و گێڕانەوەی مێژوومان. بۆیە ئەوانەی ئەم شێوە گێڕانەوەیە بەکاردێنن تەنیا ئەمەکداریی خۆیان بەرامبەر بەو مێژووە پێشان دەدەن. رەنگە هەندێ لە چیرۆکنووسەکان بەهۆشمەندییەوە دەست بۆ ئەو کارە ببەن، بەڵام بڕێکیان بە تەواوی بێئاگان لە مێژووی ئەو گۆڕانکارییە و رەگە مێژووییەکەی فەنتازیا. بەهەردوو بارەکەدا ئەوەی بەنێوی فەنتازیابوون بەئەنجام دەگات، کەم تا زۆر گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاکان، سەرەتاکانی روانینی مرۆڤ بۆ گێڕانەوە. هەندێ چیرۆکنووسی لاو لەم هەوڵانەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، بەڵام بڕێکی زۆریان شکستیان بە راستییە مێژووەکە هێناوە. بەفەنتازیابوونی چیرۆک لە ئەمڕۆدا رووبەرێکی زۆر تەسکی لە چیرۆکی کوردیدا داگیر کردووە، سەرباری بوونی ئەو سامانە گەورەیەی فۆلکلۆر و حەکایەتەکان، ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆکنووسانمان بۆ نموونەکانی دەرەوەی کولتووری کوردی دەگەڕێنەوە تا بۆ نموونە خۆماڵییەکان، ئەمەش بۆ خۆی ئەوە دەردەخات کە پشتگوێخستنێک لە گەڕانەوە بۆ رەگە خۆماڵییەکە هەیە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین خەیاڵ و سیحر و بیرکردنەوەی پشتی واقیع، شێوازێکە رەگی لەنێو کولتووری کوردیدا هەیە، سەرباری ئەوەش ئەو شێوە گێڕانەوەیە مێژوویەکی قووڵی ئەدەبیانەی هەیە کە لەوێشەوە گەیشتووەتە ناو بوارەکانی تری نووسین و ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەگەر ئەم شێوە بیرکردنەوەیە بە سانایی بگوازرێتەوە بۆ نێو بونیادی چیرۆکی مردێرن و سوودی لێ ببینرێ ئەوە بازدانێکی گەورە لەڕووی هونەرییەوە روو دەدا. بەڵام بۆ ئەمەش دەبێ بیری تیژ و پشکنین و دۆزینەوەی نموونە گرنگەکان لە ئارادا بن، تا بە هانای نووسەرەوە بێن. رەگی فەنتازیا رەگێکی مۆدێرن نییە بە ئەندازەی ئەوەی مومارەسەکردنەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، سیحرئامێزی واقیعی کە لە رۆمانەکانی ئەمەریکای لاتیندا سەری هەڵدا، تەنیا نوێکردنەوەیەکی بیری ئەفسانە بوو، تێکەڵکردنی رووداوی راستەقینە بوو بە رووداوە سیحرئامێزەکان. بە مەبەستی بەدەستهێنانی کەشوهەوایەکی تایبەت کە تێیدا خەیاڵ تا ئەو ڕادەیە نەڕوات ئیتر بڕوای راستەقینە بە رووداوەکان لەق ببێ و جۆرە گومانێک دروست ببێ، بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لە فەنتازیا و خەیاڵ و ناواقیعیدا دەبینرێ تەنیا گەمەکردنە بە بیرە بنەڕەتییەکە کە ئەویش ئەفسانە و حیکایەتەکانن. بۆ ئەوەی ئەم بۆچوونە قفڵ بکەین، دەپرسین: ئایا بەڕاستی ئێمە لە جیهانێکی ترەوە گێڕانەوەکانمان فۆرمولە دەکەین؟! یان هەر جیهانە دێرینەکەیە و مۆدەکەی گۆڕاوە.

# ماچی سوێر

## کورتە چیرۆک






■ ڕەئووف بێگەرد

نە لێزمەی باران و نە وشکە سەرماکەی ئەو بەیانییە، نەیانتوانی ڕێی ئەوەم لێ بگرن بە هەڵەداوان خۆم نەگەیەنمە ماڵیان. لەوێیش ئەوەندە خۆم شپرزە و خەفەتبار بکەم، لای هەندێک جێی پرسیار و لای ئەوانەیش نەیاندەناسیم ئاسایی بێت. من زۆرباش ئەوە دەزانم گەلێک جار تۆ دەبێت ببیت بە ئەکتەر، تەنانەت ئەکتەرێکی لێهاتوویش کە نەک سەرنجی نەیار و ئەغیار، بەڵکوو کەسە هەرە نزیکەکانیش بەلای خۆتدا رابکێشیت. بۆیە لەو بۆنەیەدا هێند نمایشەکەم کارامانە بەجێ هێنا کە لەبەردەم گومانی هەر کەسێکدا سەنگەرێکی سەخت و بەهادار بووم. خۆم وا نیشاندا تازیەبارێکم گەلێک لە خاوەن پرسەکە جگەربڕاوتر و ئەگەر ڕووبارێکی هەتوان بەسەر زامی دڵە شکاوەکەمدا بڕژێت نەتوانێت سارێژی بکات.

کاتێک (دەشنێ) بە کوڵی گریان و هەنسک هەڵدانەوە بۆ کارێک بەرەو ژوورە تەریکەکەی حەوشەی پشتەوە چوو، منیش بە نمایشێکی تری خۆدزینەوە و چاو فریودانی ئەوانی ترەوە، لەسەرخۆ و خوێنساردانە خۆم گەیاندێ و لەناو ژوورە نیمچە تاریکەکەدا ڕێم لێ گرت. بێگومان بووم مردنی دایکی زۆر بێ تاقەتی کردووە، دایک مردن بۆ کچ کارەساتێکی کوشندە و ئەژنۆشکێنە. بەڵام ئاشقیش تا ئەوپەڕی رسواکردنی خۆی، نە گوێ بە هۆشیارکردنەوەی ئاوەز دەدات و نە لە قسە و چاوی خەڵکیی سڵ دەکات. بۆیە خۆم لێ کرد بە باوک مردوویەکی پەلوپۆ شکاو کە گرانی و سەختیی کارەساتەکە زیاتر بەسەر شانی منەوەیە نەک ئەو. بەو بیانووەوە گریانەکەمم بەکوڵتر کرد و وەک کارێکی هەرە ئاساییش دەستم لە ملی کرد و سەرم بە سەریەوە نا، بەدەم شیوەن و فرمێسکڕشتنەوە کەوتمە ماچکردنی. ماچێکی هێند بە کوڵ و دڵ کە تێکەڵ بە فرمێسکی هەردووکمان دەبوون و زمانیشم لە درکاندنی چ مەبەستێکی دی لە گۆ کەوتبوو. بێگومان ئەمە یەکەمجارم بوو لێوم بەر ڕوومەت و لێوی بکەوێت و بە هەناسەی ئاشنابم. ئەو پێشتر هەمیشە خۆی لێ دوورە پەرێز دەگرتم، هەستی ئەوەی لا نەبوو کە من چەندم خۆشدەوێت و چ ئاشقێکی فەرهاد ئاسای ئەوم. دەشنێ خەونی شەو و ڕۆژم بوو، کەچی من لای ئەو شەقامێک بووم هەرگیز ڕێی تێ نەدەکەوت. ئێستایش، لەنێوان گومانی راست و درۆی هەڵوێستەکەمدا بەگیرهاتبوو. هێندە شپرزە بووبوو نەیدەزانی چی بکات، تەواو وەک منداڵێک لە جۆلانە کەوتبێتە خوارەوە، بە دەوری خۆیدا خول بخوات و جگە لە گریان نەزانێت هیچی تر بکات. شەرمیشی پێ دەهات بەو جۆرە رابکاتە دەرەوە یان هاواری فریاکەوتن بکات. منیش وەک سەرخۆشێکی تەواو بێ ئاگا، یان ڕێبوارێکی زۆر شەکەتی ڕێگای دوور کە لە چۆڵەوانییەکی کرکاکرکی هاویندا لە خنکان نزیک بووبێتەوە و لەپڕێکدا زنە ئاوێکی لێ دەربکەوێت، هەر بەو جۆرە، بێ دەربەستانە لە هیچ، یان لە ترسی لەدەستنەدانی دەرفەتەکە، مەستانە، دەم و لێویم دەلستەوە و ڕێگای چوونە دەرەوەم لێ گرتبوو. تا لەپڕێکدا و نازانم چۆن و بۆ لە دەمم دەرپەڕی و پێم گوت: کچێ ماچەکانت زۆر سوێرن. ئەویش بێ وەستان وەڵامی دامەوە: بۆ تۆ فرمێسکت بە ڕوومەوە هێشتووە تامی نەکەیت؟ وازم لێ بێنە با بڕۆم. لەوکاتەدا دەنگی خوشکە گەورەکەی هات کە بانگی کرد و هەردووکمانی هەڵسڵەماندەوە. ئیتر خۆی لەدەستم راپسکاند و هەر لەو چرکەساتەیشدا چاومان بە قووڵی بەر یەکدی کەوت. ئەوە یەکەمجار بوو بەرانبەرم بزەیەکی زۆر سەیر بکەوێتە سەر لێوی. بزەیەکی سیحراوی کە ئایندەیەکی پڕ لە دڵنیایی خۆم و ئەوی تێدا بەدی بکەم. پاشان تەواو لەو راستییەش بگەم کە دەشێت هەندێک جار، کارەساتێکی نەخوازراو، یان مەرگێکی دڵتەزێن، ببێ بە هۆکاری گۆڕینی ژیان بەرەو بەدیهاتنی خەونێک و ئایندەیەکی خۆشتری چاوەڕواننەکراو.

2017/1/7

# قسەکردن لەبارەی شیعری کوردییەوە، یان شیعری تەڵعەت تاهیر





■ بەشدار سامی

ئەگەر بمانەوێ قسەیەک لەبارەی شیعری کوردییەوە بکەین، لە شیعری کام شاعیرەوە دەست پێ دەکەین؟ کام قۆناغ لەڕووی فۆرم و بابەتەوە لەوەی تر جیا بکەینەوە؟ ئەوە پرسیارێکە و دەمانوەستێنێ، چونکە بەشی بەربڵاوی شیعری کوردی لە چوارچێوەیەکی زۆر نزیک لە یەکترییەوە خولاونەتەوە. هەر قۆناغە و درێژە پێدەری قۆناغی پێش خۆی بووە و گۆڕانکاریی بەرچاو نەبینراوە. شیعری کۆن و نوێی کوردی، بەپێی قۆناغەکان، لە هەر قۆناغێکدا کۆمەڵێک شاعیر دەنگیان هەڵبڕیوە و ناویان هاتووە کە هەمان زمانی باو درێژەی پێ دراوە و بە گشتی لە فەزای شیعری پێش خۆیان دەرنەچوونە، بۆیە زۆر ئاسان نابێت کاتێک بمانەوێت شیعری شاعیرێک لەڕووی فۆرم و بابەتەوە لە مێگەل جیا بکەینەوە، بۆ ئەوەیش قسە زۆرن، بەڵام ئەگەر پەنجە بخەینە سەر لایەنێک کە شاعیر و خوێنەرە، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پەیوەندیی نێوان شاعیر و خوێنەر لەڕابردوودا، پەیوەندییەکی ڕێککەوتنئامێز بووە، بۆنموونە، ئەگەر شاعیرێک شیعرێکی کەوتبێتە بەر چاوی خوێنەرەوە و خوێنەر بەدڵی نەبووبێت، ڕێک شاعیری بەڕێز، ئاستی خۆی لە شیعری دواتریدا یەکسان کردووە بە خواستی خوێنەر، خواستی خوێنەریش خەتی گشتی بووە، ئەوەیش بە زیانی گەورە بۆ شیعری کوردی شکاوەتەوە و شیعری کوردی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە شیعری جیهانیدا ڕوویان داوە، نەک هەر نەچووەتە پێشەوە، بەڵکوو شاعیرەکان لە پێشوەچوونەکانی شیعری جیهانی بێئاگان. ئاخر ئەوە شاعیرە دەبێت، خوێنەر ئاراستە بکات و زمانی هەمیشە تازە بکاتەوە و خوێنەر بە تەکنیکی تازەی شیعر ئاشنا بکات نەک بە پێچەوانەوە کە ڕێک وایە.

خوێنەری کورد لە رابردووەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ وا ڕاهێنراوە و پەروەردە کراوە کە شاعیر بە دوای خواست و حەزی وی بکەوێت و وا بیر بکاتەوە کە خوێنەر چ بابەتێک و چ جۆرە فۆرمێکی دەوێت، بەڵام ئەوە هەڵەیەکی زەقە و شاعیری کوردیش بەردەوامن و درێژەی پێ دەدەن، ئەوەیش وای کردووە شیعری کوردی گۆڕانێکی ریشەیی بەخۆیەوە نەبینێت.

لە سەرەتادا راستە شاعیرانی کورد خوێنەر و گوێگری کوردیان ئاراستە کردووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەبینین، ئەوە پێچەوانە بووەتەوە و ئێستا بە ڕوونی دەبینرێ، خوێنەری کورد قەڵەمی شاعیرانی کورد بەو جۆرە ئاراستە دەکات کە خۆی چ فۆرم و بابەتێک دەخوازێ و قبووڵیەتی بۆ خوێندنەوە! زۆر جاریش دەبیستین کە شاعیران فێری ئەوە بوون لە کۆڕ و لە دیمانەکانیاندا دەڵێن: "خوێنەر ئەوەی لێمان دەوێت"! ئەوەیش وای کردووە ئەو شاعیرانەی تەنانەت توانای ئەوەشیان هەیە فەزای شیعری کوردی یان لانیکەم شیعری خۆیان بە ئاراستەیەکی تر و بە مەبەستی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا ببەن، ئەوەیان نەکردووە، چونکە لە ڕەخنە و دوورکەوتنەوەی ئەو خوێنەرانە ترساون کە بە دەوریانەوەن! ئاخر بەهۆی قەرەباڵغیی ئەوانەوە خۆیان بە شاعیر دەزانن، بۆیە ناچار بوونە ئەوە قبووڵ بکەن کە خوێنەر دەیەوێت! خوێنەری کوردیش لەبەر ئەوەی تا ئێستاش پێیوایە مەرجە شیعر شێوەیەکی ڕوونی پەخشانی لەخۆیدا هەڵگرتبێت، شاعیرانی کورد قبووڵی ئەو سەپاندنەی خوێنەری کوردیان کردووە، بۆیە دەبینین بەشی هەرەزۆریان لە گۆشەیەکدا بە دەوری یەکترییەوە دەخولێنەوە و ناتوانن گۆڕانێک لە شیعری کوردیدا دروست بکەن! شیعری کوردی بەم هۆکارە هەرزانەوە نەک هەر نەیتوانیوە پێش زەمەن بکەوێت بەڵکوو هەمیشە شاعیرەکان بۆ زەمەنێکی زۆر پێش ئەوەی بێنە دنیاوە، نووسیویانە و دەنووسن!

ئەگەر پێمان وا بێت دروستکردنی خانووی مۆدێرن و جادەی مۆدێرن و هێنانی سەیارەی مۆدێرن واتا بەجیهانیکردنی سیمای وڵات، شیعری تازەیش بەشێکە لەو پێکهاتانەی کە دنیای تازە دروست دەکەن و شاعیر، دەبێ هەمیشە پێیوابێ ئەرکی ئەوەی لەسەرە، ئاراستەیەک وەربگرێ و لە زمانی لۆکاڵی دەربچێت و خوێنەر بەدوای خۆیدا رابکێشێت نەک پێچەوانەکەی کە بووە بە دیاردەیەکی تاریک لە شیعری کوردیدا.

کێشەیەکی دیکەی شیعری کوردی کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە و لێرە پەرۆکی سەر برینەکە هەڵدەدەمەوە، ئەوەیە کە زمانی تاکەکەسی نییە! شیعری زۆرێک لەو شاعیرانەی هەنووکە هەن و دەبینرێن، هەڵگری زمانی کۆنسێپتێکی تاکەکەسی نین، بۆیە دەتوانین شیعری دە شاعیری بەڕێزی کورد تێکەڵ بە یەکتری بکەین و بۆ دە شاعیرەکەی ببەینەوە و دڵنیاش بین کە هیچیان ئەوەی خۆیان ناناسنەوە. بینیومانە و بیستوومانە، لەگەڵ یەکتری کردوویانە بە گارەگار و هەر یەکەیان ئەوەی تریانی بەوە تۆمەتبار کردووە کە لەژێر کاریگەریی ئەودا شیعری نووسیوە یان شیعری لێ دزیوە. ئایا بەوە ڕوون نابێتەوە کە مەحکوومن بە تەوقێک و نایانەوێ لێی دەرچن؟!

لەنێو ئەو هەرای لەیەکچووونەدا، شاعیری واش هەن و دەتوانین پەنجەیان بخەینە سەر کە لە فۆرم و تەنانەت بابەتیشدا لە هیچ شاعیرێکی پاش و پێش خۆیان ناچن، دۆزینەوەیان هەمیشە کارێکی سەخت بووە، چونکە هەوڵی پەراوێزخستنیان دراوە و نەتوانراوە وەکوو پێویست بگات بە کەناڵەکان، بەڵام شیعری باش زەمەنی خۆی دەدۆزێتەوە.

تەڵعەت تاهیر یەکێک لەو دەنگە شیعرییانەیە کە دەبێت قسەی زۆر جدی لەبارەی شیعرەکانی ئەم دواییانەی بکرێ، ئەگەرچی قسەکردن لەبارەی شیعری تەڵعەت تاهیر ئەوەندەیش ئاسان نییە، چونکە ئەو شاعیرە، هەر لە فۆڕمدا خۆی لە شاعیرانی کورد جیا نەکردووەتەوە، تەنانەت لەڕووی بابەتیشەوە، تەواو جیا لە شاعیرانی تر دەنووسێت، جگە لەوەی تەنز دیوێکی بەرچاوە لە شیعرەکانیدا.

ئەگەر بە وردی تەماشای شیعری کوردی بکەین، دەبینین تەنز لە شیعری کوردیدا نەک هەر نەبووە، تەنانەت قبووڵیش نەبووە، لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ: ئایا شاعیرەکان، تەنیا لەو کاتەدا دەتوانن بنووسن کە نیگەران و ماندوون؟ ئەی کە دڵخۆشن؟ خۆ ناشکرێت بڵێین شاعیرانی کورد هەرگیز پێنەکەنیون یاخود نازانن پانتایی شیعری تەنز لە ئەدەبیاتی جیهانیدا چەندە فراوانە! کاتێک کۆبەرهەمی شاعیرانی کورد دەخوێنینەوە، بەزەییمان بە شاعیری کورددا دێتەوە، ئاخر لە نووزانەوە و شینوڕۆڕۆ زیاتر هیچ شتێکی تر نابینین، ئەوەشیان دیسان ڕەنگە بۆ ئەوەی بگەڕێننەوە کە خوێنەر قبووڵی نییە، بەڵام شاعیری راستەقینە کوا گرنگی بەوە دەدات کێ قبووڵیەتی یان بۆی ببێت بە کێشە دەرچوون لەو تەوقەی کە جگە لە نووزانەوە و شیعری لادێ و ناو خانووە قوورەکان، هیچی تر نابینرێ. ئاخر شاعیر کە دەنووسێ، دەبێت هەمیشە لەبیری بێت، نووسین فڕێ دەداتە ئاسمان، تەنانەت ئەگەر یەک تاقەخوێنەریش نەبینێت، نابێت بەلایەوە زۆر گرنگ بێت و نیگەران دابنیشێ، چونکە شیعری چاک زەمەنی خۆی و خوێنەری خۆی دەدۆزێتەوە.

کە بە وردی شیعرە تازەکانی تەڵعەت تاهیر دەخوێنینەوە، زۆر ئاسان درک بەوە دەکەین کە تەنز لە شیعری تەڵعەت تاهیردا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، ئەوە جگە لەوەی لە ئەدەبی کوردیدا بابەتێکی تازەیە، لە هەمان کاتدا بۆشاییەکی گەورەی لە ئەدەبی کوردیدا دروست کردبوو و دەبوو پڕ بکرێتەوە، کە تەڵعەت دێ و دەستی بۆ دەبات و بونیادی دەنێت، ناتوانین بەهای بۆ دانەنێین.

شاعیرێک کە ئاگاداری ئەدەبیاتی دەرەوەی ئەدەبی کوردی بێت و بزانێت چی لە شیعری جیهانیدا دەگوزەرێت، لەو بۆشاییە راناکات کە شیعری ناوچەکەی زەلیل کردووە، بەڵکوو دێت ئەو بۆشاییە بە دەقی زیندوو و داهێنەرانە پڕ دەکاتەوە، وەک دەبینین تەڵعەت تا رادەیەکی زۆر ئەوەی کردووە.

**دیوێکی تری شیعری تەڵعەت تاهیر:**

کە شیعرەکانی دەخوێنینەوە، بەڕوونی دەردەکەوێت کە ئەو شاعیرە لە شاردا دەژی. پێکهاتەی شیعرەکانی بەڕوونی ئەوەمان نیشان دەدات و خوێنەر هەمیشە بەو دیوەدا دەبات کە جیهانی تازەی لێوە دیاربێت. ئاراستە لە شیعرەکانی تەڵعەتدا ئەم جیهانەیە کە تێیدا دەژین نەک جیهانێک کە تەنیا لە چیرۆکە کۆنەکاندا مابێت، راستە ئێمە دێمان نەماوە و بەگشتی شاعیرەکان لەناو شارە قەرەباڵغەکاندا دەژین، بەڵام کە شیعرەکانیان دەخوێنینەوە، ئەوە نابینین، زۆر جار وا هەست دەکەین کە شاعیری کورد لە دێیەکی دوور لە کارەبا و جادە و خانووی کۆنکرێت دەژین و هەرگیز سەرتاشخانەیان نەبینیوە و هەوای سپلیت بە دەموچاویان نەکەوتووە! بەڵام کە شیعری تەڵعەت تاهیر دەخوێنینەوە، هەست دەکەین ئەم کێشەیەی لانیکەم لە شیعری خۆیدا بە قەد ئەو هێزەی کە بۆ نووسین هەیەتی، چارەسەر کردووە، بۆیە تەڵعەت تاهیر بەو ئەزموونە تازانەی خۆیەوە تەنیا گۆڕانکاری لە شیعری خۆیدا نەکردووە بەڵکوو خزمەتێکی گرنگیشی بە شیعری کوردی کردووە.




# سۆناتای خۆزگەکەکان

■ سمکۆ محەممەد

ئاوێنەقرمزییەکەم
لەبەر هەتاو هەڵدەواسم
بەڵێنە قوللەی سەربڵندی شەوانی ئەویێ ماچ بکەم
شەوانی پڕ لە حەشاماتی سەرشۆستەکان
هەناسە هەڵماوییەکان و
شەونمی سەر گەڵا وەریوەکان
بەڵێنە رەشماڵی غەزەلێک بچنم
غەزەلێک بە پرچی کچان و بازووی کوڕان
غەزەلێک بێ ماچ
غەزەلێک بێ خەو
لەسەر مەزاری زەردهەڵاتووی لەغوربەت نێژراو هەڵبدەم
بەڵێنە سواری گەمییەکی چاونەترس بم
سەوڵی رەنگاوڕەنگ هەڵبدەم
بێ ترس لە هەڕەشەی تۆفان
بێ ترس لە هەڕەشەی زریان
تابەیانی وەک منداڵێکی ئولفەت گرتوو
تەماشای شاری سورەیا و چراخان بکەم و بڵێم خۆزگە
حۆزگەی هێڵ و رەنگ و دەنگ و شێوەکانی مەوجوود
خۆزگەی بارانی یەشمەکانی هاشم
خۆزگەی ئاپۆڕای کەرنەڤاڵی بەختیار
من چەند گوناهم بەم بەیانییە خۆزگە دەچنم
چەند گوناهم چاوەڕێی تۆم و تۆ چاوەڕێی منی و ئێمە چاوەڕێی
ئەوانین و ئەوانیش چاوەڕێی ئێمە و هەمووومان چاوەڕێی یەکترین
دڵڕەقانەش بەزەییمان بە یەکتردا نایەت
ئەی خۆزگە ئەو بەیانییە ی من دەڵێم
هەمووومان لەدەم ئەو رووبارە دەبووین
ماچبارانی یەکترمان دەکرد
ئەی خۆزگە ئەو رۆژەی ژنان لە پەنجەرەکانەوە دەیانڕوانی
جێتنەدەهێشتم
ئەو رۆژەی دەگەڕام بۆ ساتێ ئارامی
لە ژێر سێی دارەکەی بەرماڵتان
کە رەش داگیرسابووی لالووت نەدەبووی
ئەو رۆژەی من دەمویست پەرچەمی تۆ هەڵبدەمەوە و
وێنەی کچان و کوڕانی ژێر قوللەکەت پێ نیشان بدەم
فرمێسکەکان نەبن بە هەڵم
کە پێم دەگوتی بۆنم کە
تۆز و خۆڵی ئەم مەفسەدە نەماوە بۆنی نەکەم
تەماشا کە ئەشکەوتێک نەماوە تیا نەنووم
زیندانێک نەماوە جگەرەی تێدا دانەگیرسێنم
گومان لە بەدیهییەکان بکە پرسیارێک نەماوە من لە وجوودی نەکەم
پرسیار لە خۆڵەمێش ناکرێ
پێشتر دارێک گڕی لە خۆی بەرنەدابێت
پرسیار لە نەفام ناکرێ
سۆراخی پاڵتۆکەی باوکی لە رێبوارانی سەر شەقامە ساردەکان نەکردبێ
پرسیار لەکەسی وەک تۆ ناکرێ
چوون تۆ قووتووی بەتاڵ هەڵدەگری
رۆژنامەیەکناخوێنیتەوە
تۆ نابی بە موسافیر .. نا
لە داخا شووشەی باوکت دەشکێنی
وا دەزانی هەنسکی دایکت بۆ تۆیە
پرسیار لە کەسێک ناکرێ بەفر ژێر پێی نەبردبێت
پرسیار لە کەسێک ناکرێ دڕک بە پێیدا نەچەقیبێت
من حەز دەکەم
لە لەتە پسکیتێک ئاسانتر بم
منداڵێکی پێ ژێر بکرێتەوە
من حەز دەکەم لەو رووبارەدا مەلە بکەم
لە ماسییەک بەریئتر بم
منداڵێک گەمەم لەگەڵ بکات
من حەز دەکەم
قژی گیا سەوزەکان شانە بکەم
بەناسکیی لاسکە رێواسێک سوێند بخۆم
رۆژێک لەبەرخاتری زامی شیعرێک بەرۆژوو بم
دەقیقەیەک بێ گومان تەماشا بکەم
تۆ قەت نابی بە شەمعدان
ئەگەر چاوت نەسووتێ
قەت نابی بە فریشتە ئەگەر پرچی خۆت بە سپێتی نەبینی
قەت نابی بە قەرەج
ئەگەر رەوەندێک نەناسی
قەت نابی بە شاژن
ئەگەر سەرت هی خۆت نەبێ و مێزەرێکی قەنەفڵی لەسەر نەکەی
هێشتا لەوێ
سەرت قوللەی بیابانێکی ئابڵۆقەدراوی شیعرێکی پڕ لە خۆزگەیە
لە چوار گۆشەی وەرزەکاندا
خەون بە بالیایەکەوە دەبینی
لەشەوی‌بووکێنی ترسناکترە
لە سێگۆشەی سنوورەکاندا خەون
بە ئاسمانێکەوە دەبینی
لە ئێوارەی هەڵەبجە سوورترە
چی بکەم
لەنێوان خۆزگەکانی من و خەونەکانی تۆدا
دێرێکی تر بۆ منداڵیی تۆ نارسکێ
وشەکان بکەیتە قردێلە و لەسەری بدەی
لەنێوان رۆژەکانی من و شەوەکانی تۆدا
گوڵێکی تری کریستاڵی ناپشکوێ
جارێکی تر لەیەخەی بدەی
خۆزگەکانی من ئاوهان
سەرەتایەکن بێ ناو
کۆتاییەکن بێ ئیمزا .

# شەوێکی بێماڵ

■ ژاوێن شاڵی



مەسەلەکە راهاتن بەو دنیا نوێیەوە نییە
هەر خۆی راهاتن بە ژیانەوە
کارێکی ئاسان نییە،
من هەمیشە ئەوەم گوتووە
گەردوون گەمە سیحرئامێزەکەی خودایە و
ئێمەیش لە باشترین حاڵەتدا
پاڵەوانی‌سێرکین ..
سیزیفێک تەرمی ئایندەی داوە بەکۆڵیا و
چاوەڕوانی پەرجوویەکە بۆئەوەی نەمر بێت..
بەڵام ژیان بزمارێکی تیژە لەژێر زمانی ئەو رۆژانەی
کە دەبێت بێدەنگ بیت
بۆیە هەندێکجار دەبێت وەک منداڵێکی عەجول
بەرد بگریتە ماڵی خودا و
دەست و پەنجەت لەگەڵ ئاگر نەرم بکەیت،
بە وێنەی میهرەبانیی دۆلفینێک بۆ ژیان پێبکەنیت و
بەلاتەوە سەیر نەبێت
رووبار شمشێرێکی نێرینە بێت و
بە تاوانی شەرەفەوە
سەرت ببڕێت..
ژیان شەوێکی بێ ماڵەو
بەسەر پشتی کۆڵانەوە
من پشیلەیەکی ئاوارەم..
ئەی شەو
لەژێر پێی گەرمی سپێدەیەکا
بەچۆکا بێ، تا هەمووان ئەوە بزانن
سبەی رۆژێکی تر نییە
رۆژێکی تر مومکینە تەنێ چەمکێک بێت
لە فەرهەنگی فریوەوە دزەی کردبێتە نێو زوبانی گەردوونەوە و
من بێبەریم ...
قەدەرم
لەبیرتە ئەو شەوانەی
وەک کۆڵەپشتێک
بەشانمەوە خۆت هەڵواسیبوو
خەرەندگەلی نامۆت پێ بڕیم و
لەنێو زیندانا
زیندانی ترت دروست دەکرد
مرۆڤگەلی هەمەچەشنت هێنایە وجودمەوە و
رێگا کۆڵانێک نەبوو
دەریچەی دەرچوونی هەبێ...

بەڵام من چۆلەکەیەک بووم
بەرپێی هەورەکان کەوتبووم و
لە هەناوی ساردی ژوورۆچکەیەکی تەریکدا
دیوارەکانم بەدەنگی تۆ رەنگ کردبوو
تۆ لەکوێ بوی؟؟
ریسکی گرەوێک بووم
خوێنی بردنەوەم کردبووە کاسەی کاتژمێری ئەو رۆژانەوە
ونبوون میقاتی کردبوون
ماسییەک‌بووم
غروور و نازی نەورەسەکان
لەخشتەیان‌بردبووم،
ئەبوایە کلکی خۆم لە چنگ دڵەڕاوکێی ئەم زۆنگاوە
رابپسکێنم و
بڕۆم
بۆ ژیان ئەبوایە بەستەڵەکی ئەم ئەزموونە بپۆشم و
نەسووتێم
بەشوێن هەڵدانەوەی لاپەڕەی عومردا
بڕۆم و
بەسەر گۆنای ئاوارەی نیشتیمانەوە
ئەسرینی حەسرەت نەبم و
نەژاکێم
ئەبوایە رێگا وێڵت بکا و
لەیەکەمین‌بینینەوەدا
وەک چاویلکە ونت بکەم،
ئەبوایە لە تیری قەدەرەوە دەرچم و
چوون سرروودی نیشتیمانی
ئەڤینت لەبەر بکەم..

فێبریوەری 2017
گرین فیڵد/ ویسکانسن